# بۆکان له ئەمڕۆ و له مێژوودا(٤)

نووسینی: تاهیر عەلیار

*[[ **ڕوونکردنەوە و داوا:** زنجیرەی نامە و دۆکومێنت، وەرگیراو لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت، ڕەنگە لە لایەن ڕێزمان و شێوەی نووسین و بەکار هێنانی وشە، لە گەڵ زمانی کوردی سەردەمی ئێستا جیاواز بێ، هەروەها ڕەنگە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی نووسەری کتێبەکە، پێویست بە زانیاریی و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بێ. ئێمە ناتوانین دەست لە زمانی کتێبەکە وەربدین، بەڵام ئەگەر زانیاریی باوەڕپێکراو لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە بگاتە دەستمان، بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکەیەوە، بڵاوی دەکەینەوە.]]*

*وێڕای سپاس بەرپرسانی پرۆژەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا*

## دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان ، نامەو دوکۆمێنت(٤-٤)

### نامەی ئەحمەدخانی فارووقی [1] 25-2-14

فەرماندەی موعەزەمی هێزی بۆکان و مەنتەقە.

موحتەڕەمەن بەعەرزت دەگەیەنم سێ نەفەر سەرکردە، محەمەدخان دادخا کوڕی مەرحوم سالار ئالْبڵاغ ، سەعیدخان دادخا کوڕی حسام گۆل، محەمەد رەحیم خان دادخا کوڕی سەعید لەشکر حەسار ، قەرار وابوو لەیەکشەوەگوردان تە شکیل بێ ئەوانیش پێیان وابوو محەل ... تەقازای ئەفسەریان بۆکردن. قەبووڵ کرا لکی ئەوێ بۆتەچڵ. مەخسووسەن ئاغای عەلی بەگ شێرزاد فەرماندەی چڵی پێنجی ناوەندی بەوانی ئیبلاغ کرد کەئەم چڵەئیحتیاج بەوجوودی ئێوەنیە، ئە وانیش لەبەر ئەوەی زۆر عاشق بەخزمەت نیشتمان پەروەری بوون مەڕاتبیان بەجەنابت گەیاند. لەجوابی ئەوەلەتاریخ 25-1-29 تیبقی ئەمریەی شومارەبەمن معەرەفی کران . لەو وەختەوەتا ئێستا شەخسی خۆیان و تەواوی سوارەو تفە نگ چی کەلەدێهاتیان دا هەیەخزمەت دەکەن و لەهەموو کەس زیاتر مەورد ئیعتماد زاهیر بوون رەجام وایەلە موشکیلاتی ئەو ناوچەمەخسووسەن نیسبەت بەئەو سێ نەفەرەتەوەجوهی مەخسوس بفەرموون و مەعلووماتی ئەو سێ نەفەرەو دارایی تەسدیق کەلاس شەشیان هەیەو لەقسمەت قشون سابق ئێراندا گروهبان 3 بوون بەعلاوەلیاقەت فیداکارییان هەیەعومدەتەن لەگەڵ بەندەهەمکارییان هەیەو بۆ تەرەقی باقی پێشمەرگەموتەشەکیلات کاملەن ئیتلاعیان هە یە، ئێستاش لەجەبهە دا دژبانی و قەرەوێڵی عودەدارن . لەسەر یەک وا ئەگەر دەرەجەیان موتابق لیاقەت خۆیان نەبێ و بوخۆتان لازمی دە زانن لەموتەشەکیلاتی سەقزدا شوغڵیان بۆ مەعلووم دەفەرموون دەرەجەیان پێ ئیبلاغ بکرێ تا بە خاترجەمعی و دڵگەرمی مەشغووڵی فیداکاری و وەزیفەی خۆیان بن. ئەمنیش زۆرزۆر مەمنوون دەبم زیاتر لەوەتەرەقی جەنابت لەخودا دەخوازم . ساتی 5 رۆژی 13-2-25 لەدێی مەرخوزەوە

معاون فەرماندەیی هێزی بۆکان و ئەتڕاف ئەحمەد فارووقی

---

روونکردنەوەلەلایەن مەحموود مەلا عێزەتەوە:

(1): ناوبراو لەسەرکردەدیارەکانی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی و سەرکردەی هێزی چەکداری ئەم عەشیرەتەبووە. بەئازایی و دڵسۆزی نێوبانگ بوو. بەمعاونی فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی سەرا دانراوە. دوای رووخانی کۆماری کوردستان لەگەڵ 10 سەرۆک عەشیرەتی تر لەی نیسانی 1947 لەسەقز لەسێدارەدرا. دەگەڵ دوو کەس لەو لەسێدارەدراوانەبرا بوو.

**نامەی ئیبراهیم سەلاح [2]**

هێزی دموکرات کوردستان ستادی ناوەندی

جەناب حەمەڕەشیدخان فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی سەرا

زۆر بەئیحترامەوەعەرزت دەکەم میرزاهاشم هەمزەیی سەرکردەی هێزی ناوەندی دەگەڵ چەند نەفەر پێشمەرگان چەند وەختەلەپۆست سەهوڵان مەئموورە. چون لەمەرکەزی دەستەوەبەئێوەنزیک ترەرەجا ئەوەیەلەهەر مەوقع دا بۆ کومەگ کردن تەوەجوەبفەرموون .

پۆلی 3 هێز ناوەندی جەمهووریەت کوردستان سەلاح

---

روونکردنەوەلەلایەن مەحموود مەلا عێزەتەوە.

(2) سەرکردەی پۆلی 3 ی هێزی ناوەندیی کۆمار بووە. پلەی سەبازیی میجەری پێدرا.یاسای سەزادان بەئیمزا و ناوی ئەو بڵاو کراوەتەوە. وەک لەژمارەی رۆژنامەی کوردستان ، 3 ی مایسی 1946 (تەسوییی قانوونی مجازات) بەناویەوەبڵاو کراوەتەوەکەبۆ سەزادانی تاوانکاران داندرابوو، ئیتر هەر لەشەڕی نێوان خەڵکی ئاسایی و تریاک کێشان و دزی و مە ستی و هەرزەییەوەتا هەڵاتن و جاسوسی لەو یاسایەی ئەو ژمارەیەدا بڵاو کراوەتەوە. ئەمە ش رۆڵی گرینگ و جێگای هەستیاری لێپرسراوەتیەکەی ناوبراو دەردوخات . پیاوێکی زیرەک بوەو چەندین زمانی زانیوەو لەکیمیاگەریش دا دەستی هەبووە.

---

**نامەی حەمەرەشیدخان**

ئەمرییەی فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا.

بۆ فەرماندەی هێزی بۆکان

مەوزووع : قوەی بارزانیەلەقەرەمووسالیان و ناچیت دا.

ئیشاڕەیەبەنووسینی ژمارەو رۆژی 12-2-25 تان

ئەو 100 نەفەر بارزانیەی کەهاتووەو ناردووتەبۆ قەرەمووسالیان و ناچیت لازمەهەر ئیستا بیانگێڕیەوەبۆ نەفسی بۆکان . لازمەئەم بارزانیانەلەبۆکان وەزیفەیان پێ بسپێری هەتا ئەخبار و دەستووری دووهەم. لەجێگای ئەو سەد نەفەر بارزانیانەلەمەوجوودیی خۆت بەپێی لزوم پێشمەرگەو لەشکرچی تربنێرەبۆ قەرەمووسالیان و ناچیت.

ئەو دوو شەخسەی کەناردبووتن وارید بوون . خۆمان معامەلەی لازمیان لەگەڵ ئەکەین.

زۆر موقەیەدی وەزعیەت و ئەخباراتی جەوهەری و راست بەو زوو بەزوو لەوەزعیەتی ئەو ناوەئاگادارمان بکە.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەلەسەرا.

---

**نامەی مرادی هێزی دێموکراتی کوردستان لکی بۆکان**

(حزبی دێموکڕاتی لکی یەک شەوەلکی جەوانمەرد)

بەپێی دەستووری ژمارە- - 15-2-25 معاون فەرماندەهی بەرزی هێز بۆکان و مەنتەقەلازمەئیبلاغیەکی بەپێ بڕینەوەی پێوەندی سادر بفەرمووی بەئاغایانی نێو براوی ژێرەووە. 1. ئاغای حاجی شەهاب ترکاشە، ئاغای سەلیم بەگ دە

رزیوەلی 3. هەمزاغای حەیدەری ئوینەچی 4. ئاغای ئەمیرخان حەیدەری قەدیم 5. ئاغای عەباس خان حەیدەری هورتەکەند 6. ئاغای محەمەدخان حەیدەری کانی ئەڵا سەیدە. ئاغای محەمەد حوسێن خان ئەمیری بەردەزەرد 8. ئاغای عەبدوڵا خان ینگی کەند 9. ئاغای عەزیزخان قوڕەبەراز 10. ئاغای فەیزوڵاخان قازڵیان 11. ئاغای مەحموودخان شە جیعی تورکمان کەندی 12. ئاغای عەبدوڵاخان نیرومەند ساروقامیش 13. ئاغای ئەحمەدبەگ تەپی هەتا ئێستا چەند دە فعەپێمان ئیبلاغ کردوون کەبۆخۆیان و بەعیدەیان لەمەرخوز حازربن . رەجا دەکەم تیبقی عەهد و بەندێکی شەرت کراوەلەسووڕەتێکی حازر نەبن بەمەسئول قانون دێموکراتی دەناسرێن.

فەرماندەی هێزی بۆکان مرادی

روونووسی شەرحی سەرەوەلەجوابی ژمارەبرواری 11-2-25 بۆ ئاغای ئەحمەدخان فارووقی معاون فەرماندەهێز بۆکان و مەنتەقەسەرا پێش کەشە.

فەرماندەهێزی بۆکان مرادی

روونووسی تەواوی دەگەڵ ژمارەبرواری 15-2-25 بۆ ئاگاداری فەرماندەی بەرزی هێزی بۆکان و مەنتەقەی سەرا پێشکێش دەکرێ.

---

**نامەی مرادی هێزی دێموکڕاتی کوردستان لقی بۆکان**

برای خۆسەویست ئاغای ئەحمەد عەباسی

لەسەر ئەمریەی ژمارەبرواری 15-2-25 پێویستەتەواوی عەدەدی خۆت بۆدێیسیونج حەرەکەت پێ بدەی . حەرەکە تی خۆت بەهێزی بۆکان و وروودی خۆت بەفەرماندەی بەرزی هێزی بۆکان و مەنتەقەی سەرا بەنووسین راپۆرت بدە.

فەرماندەی هێزی بۆکان مرادی

---

**نامەی ئەحمەدخانی فارووقی**

هێزی دێموکراتی کوردستان لکی بۆکان

فەرماندەی موعەزەمی هێزی بۆکان و مەنتەقە

1. رۆژی 16 یەک نەفەرم بۆ خەبەر ناردەسەقز. لەقەرار ئیزهار ئەو یەک نەفەرەعیدەی ژاندارمری سنەو کرماشان ئیمرۆ سبحی وارید سەقز دەبن .

2. رەسووڵاغا یەک نەفەر قاسیدی ناردبوو ، هەر کارێک دەکەن لەم یەک دوورۆژەدا ئیقدام بکەن ، زۆر ئاسان سەقز دەگیرێ . لەسورەتێک دا مسامەحەبکەن تیلەکۆ و گەڵباغی و مەندەمی و کەلهوڕ و لورستانیان خەبەر کردوەقەراروایە بێن ، ئەو وەختەئیشکال پەیدا دەبێ .

3. لەسەقز شایعە، لەم یەک دوورۆژەدا دووبارەعەجەم حەملەدەکەن.

4. دوێنێ یەک سەد سواری سەرباز و دووماشین روو بەمیرەدێ رویشتوون .

5. نۆکەری دێبۆکری دووبارەچۆتەسەقز.

6. کاک رەشید بینگیجەئەمرۆ لەقەڵاگاوەسفارشی کردووەسبەینێ عەجەم حەملەدەکەن و قووەیان زۆرە، بۆ مەعلوومات عەرز کرا. عەقیدەی بەندەئەوەیەئەمرۆ سبەی درۆیە، حەملەناتوانن، فەقەت بێ مبالاتی باش نیە. بفەرموو زیدی تانگ و تۆپ و غەیرەتەرتیبات بکەن و حازربن.

ئەحمەد فارووقی

---

**نامەی مستەفا بارزانی 18-2-25**

هێزی دێموکڕاتی کوردستان لکی بۆکان

بۆ : فەرماندەی بەرزی هێزی بۆکان و سەرا جەنەراڵ مایور محەمەد ڕەشیدخان

لە: فەرماندەی کوللی هێزی بارزانی جەنەراڵ مستەفا بارزانی

مەوزووع : قەزییەی دێبۆکری

1. لەسایەی حەولی هەموو لایەک و لوتف و مەرحەمەتی حەزرەتی پێشەوای موعەزەم کاری عەشیرەتی دیبۆکری و ئاغایانی ئیلخانیزادەتەواو بوو. ئێستا ئاغای مەحمووداغا ئێلخانیزادەو کورانی مەحمووداغا و حاجی بایزاغا لەبۆکان لای منن و لەبەر ئەوەی حاجی بایزاغا زۆر نەخۆشەئیجازەی نەهاتنیم داوەو ئێستا خۆم چاوەڕوانی تەشریف هێنانەوەی حە زرەتی پێشەوادەکەم کەئاغایان بچنەخزمەتی و ئیزهاری دەستی ئیتاعەت درێژکردن بۆ دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان و حەزرەتی پێشەوا.

2. عیدەیەک لەعەشیرەتی زەرزا حالی حازر لەهەردوو دێی ناچیت و دێی وشتەپەن. ئەگەر ئەم عیدەیەهاتوون کەلەجە بهە دا ئیشتراک بکەن دەستوور بفەرموون کەحەرەکەت بکەن چونکەمن ئەمرم دا کەلەشکری دێبۆکری بڵاوەبکات و فیعلەن بلاوەیان کرد ئیجاب بەعیدەناکات کەلەو دوو دێیەبن.

ژنەراڵ فەرماندەی کوللی هێزی بارزانیان     مستەفا بارزانی

روونووس: بۆ فەرماندەی هێزی دێمۆکراتی بۆکان

دەستوور بفەرموون کەئەو عیدەیەچاوەڕوانی دەستوورات بکات و لەرەوشتا و معامەلەلەگەڵ ئەهالیدا بەکەماڵی رووحی برایەتیەوەرەفتار بکەن.

... دریژەی هەیە